# له چاوەڕوانی پێكهێنانی حكومەتی عێراقدا



**كارمەند بەكر**

**ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی عێراق ئاشكرا كراو هەموومان چاوەڕێی پێك هێنانی حكومەتین كە بۆ ماوەی چوار ساڵە و لەو ماوەیەدا كێشە گەلێكی كورد یەكلای دەبێتەوە كە دەمێك ساڵە خوێنی بۆ دەدەین و هەوڵ و كۆششمان بۆ كردووە ، بەلاّم لە تێڕوانینمانەوە بۆ حكومەتەكەی جەعفەری گومانێك لامان دروست دەبێت و ترسمان لەوە هەیە كە تۆ بلّێی ئەوەی كە لە دەستوردا هاتووە جێبەجێ دەكرێت و بە دەردی كاتی سەرۆكایەتی جەعفەری نارۆین كە بە ئەمڕۆ و سبەینێ ئەوەی ویستمان نەك نەكرا فایلەكانی لە نێو ڕەفەكانی ژووری دەسەلاّتدا هێندەی تۆز لێ نیشتووە كە هی زەمانی دووئیدارەی كوردستان بوو (( دوو ئیدارەكە یەكی گرت بە هەموو وەزارەتەكانەوە)).**

**ئەوەی كە گرنگە بۆ ئێمەی كورد لەگەڵ كێ ڕێكەوتن دەكەین و تەوافوق لەگەڵ كێ دەكرێت بۆ ئەوەی كە بتوانین لەگەڵ ئەو دەنگانەی كە بە دەستمان هێناوە زۆرینەیەك دروست بكەین كە لە پەرلەماندا سەدایەكی هەبێت ، ئەوەی كە تا ئێستا زیاتر دیار بێت لیستی هاوپەیمانی كوردستان گفتوگۆی ئەنجام داوە كە دیارترینیان ئیئتلافی یەكگرتوی شیعەیە ، بەلاّم حزبی فەزیلە رایگەیاند كە نابێت ئیئتلاف كارێكی وا بكات كە دەور و تەئسیری هەبێت بۆ بە دەستهێنانی مافەكانی گەلی كورد و لە لایەكی تریشەوە موقتەدا سەدر سەردانی ئێرانی كرد وپشگیری میلیشیاكەی دەربڕی بۆ داكۆكی كردن لە ئێران لە بەرامبەر هەر هێرشێك كە لە لایەنی دەرەكیەوە بكرێتە سەری ، بەم سەفەرەشی ئەگەر دەستێوەردانی ڕاستەخۆی ئێران نەبێت لە كاروباری عێڕاق ئەوا ناڕاستەوخۆ ناردنی كۆمەڵێك پەیامە بۆ عێراقیەكان لە لایەن موقتەداوە ، كەواتە ئەوەی كە پێوستە وریایی سەركردایەتی سیاسی كوردستانە كە چۆن و بە كام ئاراستەیە كارەكانیان دەكەن و لەگەڵ كێ و لە سەر كام بنەما تەوافوق دێنە كایەوە ، *ئەگەر چی من پێم وایە تەوافوقیش ڕێكەوتنێكی كاتیە و ڕازی بوونە لەو كاتەدا و پەنگ خواردنەوەی ناكۆكی و ململانێكانە و دەرنەبڕینی تەواوی داواكاریەكانە و بێدەنگیەكی كاتیە* و چونە نێو گەندەڵی و فەسادیەكی زۆر گرانە لەكاتێكدا بۆ ماوەی چوار ساڵە ، چونكە ئەگەر تۆ بۆ ماوەی چوار ساڵ ڕێكەوتن بێنیتە ئاراوە ئەی دوای ئەوە چی دەكەیت و لە كام دەرگاوە لێی دەدەیتەوە .**

**من بە لامەوە گرنگ نیە سەرۆكی عێراق كورد دەبێت یان نا ، ئەوەی بە لامەوە گرنگە بە دەست هێنانی مافە كانمانە لە هەموو ڕوویەكەوە هەر لە مافەكانی خۆمەوە وەك تاك تاوەكو مافەكانم لە ڕووی نەتەوەی و ........ ، چونكە من چی لەوە بكەم كە سەرۆكەكەم كورد بێت و لەو دیوی حەمرینەوە نەوێرم بلّێم كوردم ، لە كاتی دیكتاتۆری سەدامدا كەركوك تەعریب بكرێت و لە ئێستاشدا نوسراوەكانی دەسەلاّتی بەغدا فەرمانەكانی بەوە بێت كە كورد دانەمەزرێت و لە سەر كارەكان لایان بەرن ، لە كاتێك دا سەرۆكی عێڕاقیش كوردە.**

**لە لایەكی تریشەوە سونە مەزهەبەكانی عێڕاقن كە ئەوانیش مەترسیەكی ترن لە سەر كورد و كاركردنیان بەو ئاراستەیەیە كە كورد نەتوانێت نە پۆستی گرنگ بە دەست بێنن و نە هەنگاویش بەو ئاراستەیە بنێن كە لە بەرژەوەندی كورددایە ، ئەگەر چی سونە و شیعەش هیچ كاتێك هێندە تەباو برا بەش نەبوون كە ناكۆكی لە نێوانیاندا نەبێت بەلاّم ترسی كورد بۆ**

بەدەست هێنانی مافەکانی و گەڕاندنەوەی کەرکوك و دیاری کردنی سنور و داهاتی عێراق و گەراندنەوەی بەشە رزگارکراوەکەی کوردستان کە هێشتا پێوەی نەلکێنراوەتەوە بە جۆرێك لە شێوەکان وا دەکات کە لە دژی کورد ڕێککەوتن بێننە ئاراوە ، لە کاتێکدا لە مڕۆوە گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوی عێراق دەست پێدەکاتەوە بۆ ئەوەی کە لە نزیك ترین کاتدا حکومەت ڕابگەیەنرێت .

هێشتا بسمیلای چوار ساڵی حکومەتمان نەکردووە لیستی هاوپەیمانی کوردستان گلەیی ئەوە دەکەن کە چوار کورسیان لە دابەش کردنی پەرلەماندا لێ ئیف کرا ، کەواتە ئێمە بەم نەرم و نیانیە لە گەڵ شیعە و سونەکان گفتوگۆ بکەین هەر ئەبێت بەتەمابین لێیان هەڵکرێنین ، ئەگەر سەرکردایەتی کوردیش بگەڕێنەوە بۆ گەل و پرس و ڕا بکەن بە دڵنیای یەوە قبوڵ ناکرێت بەلاّم هەمیشە ئەحزابی کوردی ئەوەندە گەڕاونەتەوە بۆجەماوەر کە پێویستیان بە دەنگی ئەوان هەبووە ، بۆیە ئەمجارە کە ئایندەی ئەم گەلە لە چاوەڕوانی چوار ساڵی داهاتوودایە دەبێت سەرکردایەتی کورد بە زیرەکیەکی ئەوتۆوە کارەکانیان ڕاپەڕێنن و گفتوگۆ بکەن کە مساوەمە نەبێت بە مافەکانی گەلەکەمانەوە و چیتر قبوڵی پلە دووی نەکرێت لە پراکتیکدا .

ئەوەی کە ماوەتەوە بگوترێت کە تاوەکو ئێستا سەرکردایەتی کوردستان نەیان درکاندووە بە ڕووی نەیارەکانماندا و لە کوردستانیش تەنها سەربەخۆی یە کە کورد ڕزگار بکات لە تەواوی کێشەکانی لە گەڵ عێراقدا.

کارمەند بەکر
Karmand83atv@yahoo.com